Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con3.2

# بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری لە شاری کۆیە (1970– 1974)

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Zamdar Ahmed Rasool
zamdar.rasul@el.epu.edu.iq

**زامدار ئەحمەد ڕەسوول/** بەشی پەرستاری، پەیمانگای تەکنیکی کۆیە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
**هۆشمەند عەلی مەحموود/** بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :11 /03/2025
PUBLISHED :20/08/ 2025

وشە سەرەکییەکان:
کۆیە،
هونەر و ڕۆشنبیری،
تیپی مۆسیقا،
شانۆ،
کۆمەڵەی ئەدەبی.

## پوختە

بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970ی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق بۆ ماوەی چوار ساڵ، لە ڕووی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبییەوە کاریگەری ئەرێنی بە سەر شاری کۆیەوە هەبوو، بە شێوەیەک لەو ماوەیەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، لە کاتێکدا بەر لەو کاتە و هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول چالاکییەکان وەستا بوون.
چوار ساڵی ئاشتی و سەقامگیری لە کوردستاندا، بووە هۆی پێشخستنی ڕەوتی ڕۆشنبیری و هونەری شاری کۆیە، بە تایبەتی چالاکی جیاجیا لە بواری ئەدەبی، فەرهەنگی، ڕووناکبیری، ڕۆشنبیری، شانۆیی و هونەری لە شارەکەدا ئەنجام درا. ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە بوونە هۆی دروست بوونی کۆمەڵەی ئەدەبی، تیپی شانۆیی، تیپی مۆسیقی، بە تایبەت لەو ماوەیەدا تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و پێشکەوت، لە ئەنجامدا ئاستی هونەری و موزیکی کوردی بە گشتی و ئاواز و مەقام و بەستەی تایبەت بە ناوچەی کۆیە و دەوروبەری زیادی کرد.
ئەم توێژینەوەیە دەخوازێت ڕۆڵی ڕۆشنبیری و هونەری شاری کۆیە لە ماوەی چوار ساڵی ئاشتی و سەقامگیری لە کوردستان نیشان بدات، لە لایەکی دیکەوە کاریگەری ئەو چالاکیانە بە سەر شاری کۆیە دەخاتە ڕوو.
توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی گێڕانەوەی مێژوویی (سرد) بەستووە، هەروەها شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ چالاکیە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان لە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەدا کراوە.
ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 چ کاریگەرییەکی بە سەر پێشکەوتنی لایەنی هونەری و ڕۆشنبیری کۆیەوە هەبووە؟ چالاکییەکانی کۆیە لەو ماوەیەدا لە چ بوارێک و لە چ ئاستێکدا بووە؟ مێژووی ڕۆشنبیری شارەکە تا چەند کاریگەری بە سەر ئەو چالاکیانەوە هەبووە؟.
توێژینەوەکە لە دەروازە و دوو باس پێک هاتووە، دەروازە بە ناونیشانی: ڕەوشی هونەری و ڕۆشنبیری کۆیە پێش بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970، باسی یەکەم لە ژێر ناونیشانی: بزاڤی هونەری لە کۆیە (1970– 1974)، باسی دووەم بە ناونیشانی: بزاڤی ڕۆشنبیری لە کۆیە (1970– 1974).

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١. پێشەکی :

کۆیە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان، بە درێژایی قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان، ڕۆڵی سیاسیی و سەربازی و کارگێڕی و بازرگانی گەورەی هەبووە، بەتایبەتی لە سەدە بەراییەکانی ماوەی دەسەڵاتدارییەتی عوسمانیەکان لە کوردستاندا، یەکێک بووە لەو شارانەی بایەخ و گرنگی پێدراوە، ئەمەش بە هۆی بونی پێگە جوگرافییەکەی وەک سەرەڕێی کاروانسەرای بازرگانی لە لایەک، لەلایەکی دیکەشەوە بوونی چەندین کەسایەتی و بنەماڵەی خانەدان و خاوەن پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی، دەرفەتی بەرەوپێشچوون و گەشانەوەی لە دەرکەوتنی نووسەران، شاعیران، ڕووناکبیران، گۆرانی بێژ و مەقام بێژان پێ بەخشیوە، ئەمەش بووەتە دەرکەوتنی بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری لە شارەکەدا.

هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەو توێژینەوەیە بە ناونیشانی: بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری لە شاری کۆیە (1970–1974)، بۆ بەرزی ئاستی چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو ماوەیەی شاری کۆیە دێت، کە ماوەیەکی گرنگە لە مێژووی بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری لە کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بەتایبەتی، ئەمەش بە هۆی ئەو سەقامگیرییە سیاسییەی ئەو کاتە دێت، بە هۆی ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراق، کە بە ڕاگەیاندنی بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970 هاتبووە ئاراوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری کۆیەیە لە نێوان سالانی (1970–1974)، کە دەخوازێت لەو چوارچێوەیەدا بگاتە ئەو ڕاستییە مێژووییەی کە ماوەی ئاگربەست و سەقامگیری سیاسی لە کوردستان، چەند دەرفەت و زەمینەی لەباری بۆ هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی شارەکە ڕەخساند، تا لە ڕێی چالاکی جۆراوجۆرەوە گوزارشتینی هونەری و ڕۆشنبیری لە مێژووی شارەکەدا نمایش بکەن.

توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی گێڕانەوەی مێژوویی (سرد) بەستووە، هەروەها شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان لە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکەدا کراوە.

گرفتی سەرەکی لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە، نەبوونی ئەرشیفێکی نیشتیمانی گشتگیر لە کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بەتایبەتی، سەبارەت بە تۆماری ئەو چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیریانەی کە لەو کاتە ئەنجام دراون، چونکە بەشی هەرە زۆریان تۆمار نەکراون، یاخود بە هۆی دۆخی ناسەقامگیری سیاسی لە کوردستان و سیاسەتی حکومەتی عێراق بەشی زۆریان لەناوچوون، بەڵام هەوڵدراوە لە دووتوێی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان و بە تایبەتیش چاوپێکەوتن ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت.

توێژینەوەکە پشتی بە چەندین سەرچاوەی گرنگی پەیوەست بەو قۆناغە مێژووییەی شارەکە لە ڕووی ڕۆشنبیری و هونەرییەوە بەستووە، لە گرنگترین سەرچاوەکان: توێژینەوەی (مێژووی هونەری شانۆی کۆیە لە دەستپێکەوە تا 1980)، لە نووسینی دکتۆر کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، ئەم توێژینەوەیە هاوکارێکی باشی توێژینەوەکە بوو، بە تایبەتی لە بابەتی شانۆ و شانۆگەری لە شاری کۆیە. کتێبی (بە بۆنەی یۆبیلی زێڕینی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە 1957–2008)) لە نووسینی باکووری، ئەم کتێبە بۆ ئەم توێژینەوەیە زۆر بە سوود بوو، چونکە خودی نووسەر یەکێک بووە لە کارەکتەرە دیارەکانی نێو هونەری شاری کۆیە و تیپی مۆسیقای باواجی، کە تێیدا زانیاری وردی لەم بارەیەوە لە کتێبەکەیدا خستووەتە ڕوو. هەروەها نامەی ماستەری بڵاونەکراوە: (کۆیە لە نێوان سالان 1958– 1975 (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، لە نووسینی شیلان تاهیر ساڵح، کە لە نامەکەیدا باسی لەو قۆناغەی شاری کۆیە کردووە. لە لایەکی دیکەوە لە ڕێی چاوپێکەوتنە جیاوازەکانەوە زانیاری گرنگ و نوێ لە زاری شایەدحاڵانی ئەو کاتەی کۆیەوە وەرگیراوە و لە توێژینەوەکە دانراوە. جیا لە بەرکاهێنانی چەندین سەرچاوەی دیکەی گرنگ هەر لە کتێب، توێژینەوە، گۆڤار و ڕۆژنامە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەروازە و دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە. دەروازە بە ناونیشانی: ڕەوشی هونەری و ڕۆشنبیری کۆیە پێش بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970، تێیدا بە خێرایی باس لە مێژووی هونەر و ڕۆشنبیری شاری کۆیە کراوە. باسی یەکەم لە ژێر ناونیشانی: بزاڤی هونەری لە کۆیە (1970– 1974)، تێیدا چالاکییە هونەری و لایەنە جیاجیاکانی هونەر لە شارەکەدا باس کراوە. باسی دووەم بە ناونیشانی: بزاڤی ڕۆشنبیری لە کۆیە (1970– 1974). تێیدا ئاماژە بە چالاکییە ڕۆشنبیرییە جیاجیاکانی شارەکە کراوە.

لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دانراوە.

## 2- ڕەوشی هونەری و ڕۆشنبیری کۆیە پێش بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970:

### 2- 1- پوختەی مێژووی هونەری و ڕۆشبیری شاری کۆیە:

مێژووی گرنگیدانی خەڵکی شاری کۆیە بە هونەر و ڕۆشنبیری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن، لە دێر زەمانەوە ئەو شارە مەڵبەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و ئەدەبیات بووە، لە هەموو لایەکەوە خەڵک ڕوویان لە شارەکە کردووە، لە هەموو ڕوویەکی زانستی، هونەری و ئەدەبی کاریان کردووە، ئاغا و ئەدەب دۆستانی شارەکە بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی ڕۆژانە کۆڕی ئەدەبییان لە دیوەخانەکانیان ڕێکخستووە، ئەمەش وای کردووە شارەکە ببێتە مەڵبەندێک بۆ ڕۆشنبیری، شیعر، ئەدەب، خوێندن، فێربوون و سەرهەڵدانی چەند جۆرە هونەرێکی وەک مەقامبێژی و شانۆ، هەرچەندە هونەری مەقامی کوردی لە شاری کۆیە بۆ کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام لە سەردەمی ئەختەردا (1838- 1888)، کە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە پەروەردە کردنی چێژی هونەری مەقامی کوردی لە ناو شارەکە و دەوروبەری، بەوەی دیوەخانەکەی خۆی کردبووە کۆڕی ئەدەبیات و هونەری مەقامی کوردی، بە کۆکردنەوەی دەستەیەک لە مەقامبێژ و هونەرمەندی کورد لە دەوری خۆیدا، وەک: مەڕبین و نەشئەتی ڕەشید ئاغای حەوێزی، بەم جۆرە کۆڕی مەقام و ئاواز لە کۆیە گەرم بووە (تەیب، 2008: 66- 67؛ سالح، 2008: 38- 44). بەوەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مێژووی شاری کۆیە لە ڕووی ڕۆشنبیری و هونەرییەوە بە هۆی بوونی چەند کەسایەتییەکی دیار و بەرچاو برەوی پێدراوە و بەرەوپێش چووە.

لە لایەکی دیکەوە لە قۆناغە مێژووییەکانی دواتریشدا کەسایەتییە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی شاری کۆیەش ڕۆڵی گەورەیان لە بایەخدان بە ئاهەنگ و مۆسیقا و مەقام و داهێنانی ئاوازی تازە و پێشکەوتوودا هەبووە، لەوانە: حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە (1834- 1908)، مەلای گەورە (1876- 1943)، لە هەمان کاتدا بە بێ جیاوازی بیروباوەڕی ئایینی موسڵمان و گاور لە مەقام گوتندا هاوڕێ و دۆستی یەکتر بوون، جیاوازی ئایینی کاری نەکردووەتە سەر ئەم بوارە (تەیب، 2008: 66). هەروەها مەلای گەورە نرخی هونەری زانیوە و حەزی لە هونەری دەنگخۆشی و گۆرانی و حەیران و مەقام کردووە (ئەحمەد، ژ 122: 157). ئەمەش پاڵنەرێکی ئەرێنی باش بووە بۆ مەقام بێژان و هونەر دۆستانی شارەکە، بەتایبەتیش دۆستایەتی و تێکەڵاوی زۆر هەبووە لەنێوان موسڵمانانی کۆیە و مەسیحیەکانی هەرمۆتە.

بە شێوەیەکی گشتی کۆیە لە بوارەکانی ئەدەبی، هونەری، ڕۆشنبیری و تەنانەت کۆمەڵایەتی و ئایینیشدا پێشەنگ و سەرقافڵە بووە، دەیان و سەدان شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و سیاسەتمەداری زانا و ڕووناکبیری گەورە و بەناوبانگی تێدا هەڵکەوتووە (فەتاح، 2021: 90). هەروەها لە کاروانی ئەدەبی و فۆلکلۆری و میللی کوردی لە پێشەوەی زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان بووە و مەڵبەندێکی ئایینی و ڕۆشنبیری دیار و بەرچاو بووە، تەنانەت لە کاروانی شیعری نووسراویشدا پێش گەلێک لە شارە گەورەکان کەوتووە (شارەزا و ئەوانی دیکە، 2009: 233)، لەوانە: حاجی قادری کۆیی (1816- 1897)، کەیفی جوانرۆیی (1814- 1883)، ئەوانیش ڕێگەیان بۆ سەرهەڵدانی شاعیری دیکە خۆش کرد (شارەزا، 2013: 16). هەموو ئەمانەش بوونە بناغەی گۆڕانکاری گەورە لە بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری لە شارەکەدا.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، مەقامبێژانی وەک مەڕبێن، نەشئەتی ڕەشید ئاغا، حەنیلە خرە، حاجییە گەورە سەریان هەڵدا و پێشکەوتوون، هەروەها لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا دەستەیەکی دیکەی وەک (سێوە[1])، مەلا ئەسعەد (1892- 1958)، ئەحمەدی حەمە مەلا (1912- 1985)، تاهیر تۆفیق (1922- 1987)، حەمەڕەشید، فەقێ حەمەدە کورە، حەمەدەمینی عەباسی، باقی سەرتاش، شەفیق خەلەف، مەجیدی سمایلە خرە، لە دواییشدا (باکووری[2]) و خالید دلێر (1933- 2011) بوونە سوارچاکی مەیدانی هونەری گۆرانی کوردی لە کۆیە (ئەحمەد، ژ 120، 2007: 178). تێکڕای ئەو کەسانە لە بوارەکەی خۆیدا بووەتە سەرمەشق و دەروازە بۆ هاندان و دەرکەوتنی دەیان کەسی دیکە لە شارەکەدا، بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا.

### 2- 2- بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیریی کۆیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە تا پێش بەیاننامەی 11ی ئازاری

### ساڵی 1970:

بایەخدانی شـاری کۆیە بە هونەر و ڕۆشـنبیری بووە هۆکارێک تا سـەدەی بیسـتەمی شـارەکە بە سـەردەمی زێڕینی دابنرێت، ئەمەش بە هۆی بوونی دەیان کەسـایەتی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشـنبیری، لەوانە: عەونی (1927- 1992)، دڵدار (1918- 1948)، نەجیبەخانی جەلیزادە (1917- 1999)، کەریم شـــارەزا (1928- 2015)، ئەحمەد دڵزار، محەممەد تۆفیق وردی (1923- 1975)، مەلا مەعســووم (1900- 1964)، مەســعوود محەممەد (1919- 2002)، سامی عەوداڵ (1910- 1985)... هتد (ئەحمەد، 2023/ أ: 23). ئەو ڕەوتە ڕۆشنبیرییەی شاری کۆیە بووەتە هۆکارێک تا چەند کتێبخانەیەکی جیاواز لە شـــارەکە بکرێتەوە، لەوانە: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی (1945)، کتێبخانەی کۆیســنجق (1946)، کتێبخانەی گشــتی کۆیە (1957) (ســاڵح، 2008: 41- 42). بوونی ئەو کتێبخانانە کاریگەری گەورەیان لەسـەر بەرەوپێشـبردنی ئاسـتی هۆشـیاری و خوێندەواری هەبووە و بوونە ناوەندێکی گرنگ بۆ پێگەیاندنی دەیان نووسەر و ئەدیب لە شارەکەدا.

یەکێک لە هونەرمەندە بەرچاوەکانی کۆیە بە ناوی سێوە ساڵی ١٩٥٢ لە ئیستگەی ڕادیۆی عێراق بەشی زمانی کوردی پێنج مەقامی بەناوەکانی: سـەحەر، بەهار، شـەنگ مێرەم، گورا و عەیشـە گور تۆمار کردووە. هەڵبەت چەندین مەقامی دیکەی بە ناوەکانی: لەبەرنازی چاوبازان، نیوەشـــەو، حەریفی ئاگری دووریم، لەباغان ئاهو ناڵیندا، بەقامەت خەرامان، بەســـتەی زولف و ئەگریجەی یار، پایز، گۆرانی شـــلەو خانان، گۆرانی جەبارە و جەبارە و دەیان مەقام و گۆرانی و بەسـتەی دیکەی گوتووە، بەڵام بە هۆی تۆمار نەکردنەوە بەرهەمەکان فەوتاون (ئەحمەد، ژ 211، 2017: 19). سـێوە وەک یەکێک لە دەنگخۆشانی کۆیە لەو سەردەمەدا و تەنانەت لە ئێستاشدا گوێگرانی زۆرن.

لە چوارچێوەی بایەخدان بە هونەر و موزیک، ســاڵی 1957 تیپی مۆســیقای باواجی کۆیە دامەزرا (بە بێ مۆڵەتی فەرمی)، کە لە بواری هونەری و ئەدەبی خزمەتێکی زۆر باشـی شـارەکەیان کردووە، ئەو تیپە بە مۆڵگەیەکی ئەدەبی و هونەری بۆ کۆبوونەوەی گشــت چین و توێژەکانی ئەدیبان و ڕۆشــنفکرانی شــارەکە دادەنرا، خزمەتێکی باش و بێ وچانی بە هونەری کوردی بە گشـتی و ناوچەی کۆیەی بەتایبەتی کردووە[3] (باکووری، 2006: 25). تیپی مۆسـیقای باواجی کۆیە لە مێژووی شارەکەدا وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە بواری هونەری دادەنرێت و ڕۆڵ و کاریگەری ئەرێنی نەک بە تەنیا لە سەر شارەکە، بەڵکوو لە سەر کوردستانیش هەبوو.

ئەو ژینگە ڕۆشـــنبیرییەی شـــارەکە بە تەنیا هانی پیاوانی نەدەدا تا بێنە پێش و بەدیار بکەون، بەڵکوو بووە هاندانی ژنانیش، لە ڕاسـتیدا ئەو زەمینەیە پێشـتر لە لایەن مەلای گەورەوە ڕەخسـا بوو، ئەویش بە ناردنی نەجیبەی کچی بۆ قوتابخانە و خوێندن لەگەڵ کوڕاندا، لەبەر ئەوە ســاڵی 1957 بۆ یەکەم جار ژنێک لە شــانۆگەری (عەبدوڵڵا مارف شۆڕشگێڕێکی ئێرانی) ڕۆڵی گێڕا، کە لە حەوشـەی قوتابخانەی ناوەندی کۆیە نمایش کرا و تێیدا هەر یەک لە: مەولوود ژاکاو، سەلاح حوسێن، خەیرییە عەبدولڕەحمان و حەمە عەلی عومەر بەشدار بوون، واتە خەیرییە عەبدولڕەحمان بووە یەکەم ئافرەت لە کۆیە و کوردسـتان، کە چووەتە سـەر تەختەی شـانۆ و ڕۆڵی بەرانبەر جەماوەر بەرجەسـتە کردووە (عەبدولقادر، 2019: 265). ئەو ژینگەیەی لە کۆیە ڕەخسـا بوو، ئەگەرچی پتر بووە هاتنە پێشـەوەی پیاوان لە بوارە جیاوازەکاندا، بەڵام کەم تا زۆر ژنانیش لەو نێوەدا ئامادەییان هەبووە.

لە دوای ئەو شـــانۆگەرییەی کە ژن تێیدا بەشـــدار بوو، بە تایبەت لە دوای کوودەتای عەبدولکەریم قاســم لە 14ی تەمموزی ســاڵی 1958 و ڕووخانی بنەماڵەی پاشــایەتی لە عێراق، کە بووە مایەی گۆڕانکاری ڕیشــەیی لە هەموو جومگەیەکی سیاسی و مەدەنی و ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەدەبیی و هونەریی لە سەرتاسەری عێراق و کوردســتانیشــدا، لەو نێوەدا (کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەرە جوانەکان[4]) لە کۆیە ســەری هەڵدا، لە لایەکی دیکەوە گەلێک شــانۆگەری خۆماڵی کوردی و بیانی پێشــکەش کران، لەوانە: شــانۆگەری ئاشــتیخواز، شــانۆگەری پیلانی ئیمپریالیزم و شۆڕشی 14ی تەمموز، شانۆگەری سلێمانی بەگی میری سۆران، شانۆگەری جەنگاوەران، شانۆگەری پیلانەکەی شـەواف (شــارەزا و ئەوانی دیکە، 2009: 422- 425). هەروەها شــانۆگەری (تۆمر بێگ) لە قوتابخانەی زانســت نمایشــکرا، کە تێیدا باکووری ڕۆڵی بەگ و ماری خوشـکی ڕۆڵی کچی وەرگرت (عەبدولقادر، 2019: 265). سـەرەڕای ئەوەی کۆیە لەو بوارەدا چالاک بوو، بەڵام لە دوای گۆڕانگاری ڕیشـەیی لە بارودۆخی عێراق و کوردسـتان لە نێویدا، دەرفەتی پتری بە نمایش کردنی شـانۆدا، ئەوەی جێی بایەخە جارێکی دیکە ژن دەچێتەوە سـەر تەختی شـانۆ و نمایش دەکات، ئەمەش یەکێکە لە سیما جوانەکانی هونەری کۆیە لەو قۆناغەدا.

لە ڕاستیدا دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان، بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی (1961- 1970) تیپی مۆسیقای باواجی بە هۆی باری ناهەمواری سیاسی سستی پێوە دیار بوو، بەو مانایەی چالاکی زۆر دیار و بەرچاوی پێ نەدەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوەیەدا ئاهەنگیان بۆ منداڵان و فەرمانبەران لە یانەی کۆیە و لە جەژنی نەورۆز ڕێکخستووە، بەرنامەی ڕەسەن و هونەریان پێشکەش کردووە (باکووری، 2008، 230). ئەگەرچی دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول کارەکانی تیپی مۆسیقای باواجی سست کرد، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بووە قۆناغێکی دیکەی خەبات لە لای شاعیرانی کورد، ئەمەش بە ڕوونی لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. لەم نێوەشدا شاعیرانی کۆیە لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە بیروباوەڕی خۆیان دەربڕیوە و پاڵپشتی شۆڕشیان کردووە، بە شێوەیەک کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لە زۆربەی شیعرەکانیان دیارە. بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی شاعیر لە کۆیە دیاردەیەکی نامۆ و لەخۆڕا نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە کۆیە ناوەندێکی ڕووناکبیری و خوێندەواری بووە و دەرفەتی ئازادی بیروڕای تێدا فراوان بووە (تەیب، ژ 5، 2023: 116). هەموو ئەمانەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە دەمێکە بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری لە ناخی شاری کۆیەدا هەبووە و دروست بووە، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕۆژگار ئەو بزاڤە نەشونمای کردووە، بە شێوەیەک ئاواز و هونەر و مەقاماتی سنووری ناوچەی کۆیە مۆرکێکی تایبەت بە خۆی پەیدا کردووە.

## 3- بزاڤی هونەری لە کۆیە (1970- 1974):

ساڵی 1970 دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی بزاڤی هونەری لە کۆیە، بە تایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی بەعس نەیتوانی بە ڕێگەی سەربازی پرسی کورد چارەسەر بکات، بە ناچاری بیری لە ڕێگە چارەی ئاشتییانە کردەوە و پەنای بردە بەر دانوستان، پاش دەست پێ کردنی دانوستان و هاتووچۆی وەفد لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، دواجار لە شەوی 10 لە سەر 11ی ئازاری ساڵی 1970دا بەندەکانی بەیاننامە نووسرا و بە بەیاننامەی 11ی ئازار ناسرا (ئەحمەد، 2023/ ب: 283). دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی 11ی ئازار، خەڵکی شاری کۆیە خۆشی و شادی خۆیان دەربڕی، هەروەها خۆیان ئامادە کرد و دەستیان کرد بە نووسینی دروشم تایبەت بەو بۆنەیەوە، ڕۆژی دواتریش خەڵکی کۆیە خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوانیان ئەنجامدا، کە تێیدا بەشی زۆری خەڵکی شارەکە بەشداربوون، کە لە نزیک قوتابخانەی دواناوەندی کۆیەوە بەرەو قایمقامیەتی شارەکە چوون، لەوێش چەندین وتار و بروسکەی پیرۆزبایی خوێندرایەوە، باوەڕیان وا بوو ئەمە کۆتایی شەڕ و مەینەتییەکانی گەلی کوردە و هەنگاوێکە بۆ ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و کۆتایی هێنانە بە دووبەرەکی، هەر لە میانەی پێشوازی کردنی شاری کۆیە لە بەیاننامەی 11ی ئازار، گەورەترین نەورۆز لە کۆیە ساز درا، هەروەها بە هۆی ئەو بەیاننامەیەوە شارەکە لە زۆر ڕووەوە بووژایەوە (سالح، 2008: 100- 102). بە شێوەیەکی گشتی بەیاننامەی 11ی ئازار کاریگەری بە سەر خەڵکی تەواوی کوردستان و کۆیە بە تایبەتی هەبوو، لەبەر ئەوە خەڵک دڵخۆشی و شادومانی خۆی بۆ ئەو هەنگاوە دەربڕیوە، کە بێگومان ئەو ماوەیە لە ڕووی هونەرییەوە بۆ شاری کۆیە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو، چونکە بەرەوپێش چوونی باشی بە خۆیەوە بینی و بووە هۆی دامەزراندنی چەند ناوەندێکی هونەری گرنگ لە شارەکەدا.

### 3- 1- تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە:

لەو قۆناغەدا کۆیە یەک لەو شارانەیە کە لە هەموو چالاکییەکانی هونەری جێگای خۆی هەبوو، وەک نمایشکردنی شانۆگەری و نواندن و ڕێکخستنی ئاهەنگی گۆرانی و شایی و هەڵپەڕکێ، هەروەها چەند لیژنەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵاتی و هونەری لە قوتابخانەکان پێکهات، وەک: تیپی قوتابییان، بە ناوی باواجی، لیژنەی کۆمەڵایەتی بە سەرۆکایەتی مامۆستا جەمال غەفوور، لیژنەی زمانی ئینگلیزی بە سەرۆکایەتی باکووری، لیژنەی عەرەبی بە سەرۆکایەتی عومەر دەروێش، لیژنەی هونەری بە سەرۆکایەتی باکووری، لە لایەکی دیکەوە مۆسیقاژەنەکان وەک تیپێک کاریان دەکرد و مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپەکە بە ناوی تیپی مۆسیقای باواجی لە ساڵی 1970 وەرگیرا، دەستەی دروستبوونی لە: (زاهیر محەممەد[5])، ئەنوەر تاهیر، کەریم حەمەد، سەردار ئەحمەد، وریا ئەحمەد، سیامەند عیزەت، فوئاد سەعید، عەتا الله حەنا، سەلاح حوسێن و ئیسماعیل مستەفا قادر پێکهاتبوون (مام هەژار، 2011: 207؛ سلیمان سوور، 2021، 58- 59). لەو کاتەوە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بووژانەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، لەم بارەیەوە باکووری دەڵێت: "دوای بەیاننامەی 11ی ئازار زاهیر محەممەد کۆڵی نەدا، خۆی و چەند هاوڕێیەکی

هونەرمەندی لە 30ی حوزەیرانی سـالّی 1970 داوایان پێشـکەشـی وەزارەتی ڕاگەیاندن کرد و ڕەزامەندی وەزارەتەکەیان وەرگرت و سەر لە نوێ تیپی مۆسیقای باواجی گەشەی سەندەوە، تیپەکە گەلێک پێشکەوتنی بە دەست هێنا و پێوەی دیار بوو، بە هەوڵ و کۆششی هەموو ئەندامانییەوە کە دڵسۆزانە بۆ گەشەکردن و پێشخستنی هونەر و میوزیکی کوردی بە گشتی و ئاواز و مەقام و بەستە تایبەت بە ناوچەی کۆیە و دەوروبەری بەتایبەتی، کە ئەندامەکانی لە نێوان 50 تا 60 کەس دەبوو" (باکووری، 2008: 233– 234). جێی ئاماژەیە کە سەرەتا باکووری لەگەڵ حەوت تا دە کەسی دیکە ئەو تیپەیان دروست کردووە (صلیوە، 2013: 144). هەر وەک لە پێشوودا ئاماژەمان پێدا، لە سەرەتادا تیپەکە مۆڵەتی فەرمی نەبوو. لە ڕاستیدا تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە ئەنجامی هەوڵەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بۆ گەیشـتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە بەرانبەر عێراق، بە تایبەتی لە دوای بەیاننامەی 11ی ئازاری سـالّی 1970 دروست بوو، کە ئەمەش کاریگەری باشـی کردە سـەر بەرەوپێش چوون و بایەخدانی پتر بەو بوارە، بە شێوەیەکی فەرمی، چونکە بەر لەو کاتە تیپەکە بە فەرمی تۆمار نەکرابوو.

لەو قۆناغەدا گۆرانیبێژی داهێنەر و بە توانا لە کۆیە سـەریانهەڵداوە، گەلێک لە مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکانیان، وەک: حیجاز، بەیات و چارگا و ...هتد شـیتەڵ کردووەتەوە و بە زەوق و سـەلیقەی کوردانە، کە ئەمەش لە سروشـتی کوردسـتان و هەموو لایەنەکانی ژیانی سەردەمەوە ڕسکاوە، دەسکاری کردووە و دروست کردووەتەوە و دارشتووەتەوە و بە دەیان بەسـتە و گۆرانیان لەو مەقامە تازە و داڕێژراو و تازە دروسـتکراوانە هەڵهێنجاوە و داناوە، ئەم ئەرکە گران و وەسـتایانەی ئەو هونەرمەندانە، هەندێکیان دەماودەم بە ئێمە گەیشـتوون و بێگومان هەندێکیشـیان لەناوچوون. لە ڕاسـتیدا ئەو گۆرانی و مەقامانەی لە کۆیە سـەریانهەڵداوە، لە هی هیچ ناوچەیەکی دیکەی کوردسـتان ناچێ، لە هی ناوچەی سـابڵاغ و موکریان نەبێت، کە هەندێک جار جۆرە لێکچوونێک یا تەرزە تاموچێژێکیان لە یەک دەچێت، ئەمەش بۆ هۆیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دێرین دەگەڕێتەوە (ئەحمەد، ژ 129، 2008: 137– 138). جێی ئاماژەیە بگوترێت لێکچوونێکی زۆر لە لایەنی کۆمەڵایەتی و سـیاسـیی و تەنانەت هونەری، کولتووری و فەرهەنگی لە نێوان کۆیە و ناوچەی موکریان بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش هۆکار بووە کە پەیوەندییەکان لە ئاسـتێکی بەرزدا بێت، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بەهێزە، لە خۆڕا نییە کە خەڵک لە کۆیەوە چووەتە مەهاباد بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردسـتان، لە لایەکی دیکەوە دوای ئەوەی پارتە ئۆپۆزسـیۆنەکانی ئێران، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردسـتان ئێران، ناوچە شاخاوییەکانیان جێهێشت، پێشنیازی کۆیەیان بۆ کردن، تا تێیدا بگیرسێنەوە.

تیپی مۆسیقای باواجی، لە دوای تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە دووەم تیپی مۆسیقای کوردی دادەنرێت، لە زۆر ڤیستیڤاڵ و بۆنە نەتەوەییەکاندا ئامادە بوون، دەیان تێکسـتی فۆلکلۆری دوای پوختەکردن و دابەشـکردنی نوێوە خسـتەر سـەر خەرمانی هونەری کوردی و خزمەتێکی بێوچانی بە هونەری کوردی بە گشـتی و کۆیە بە تایبەتی کرد (مام هەژار، 2011: 208– 209). هەروەهـا ئـاواز و هونەر و مەقـامی سـنووری نـاوچەی کۆیە مۆرکێکی تـایبەت بە خۆی ڕەنگرێژکردووە، ژمارەیەک مەقامزانی وەک: مەربین و نەشتەئی ڕەشید ئاغا و پووتی و حاجی گەورە و عەبەی چاپچی و مەلا ئەسـعەد و سـێوە و تایەر تۆفیق لێ پەیدا بووە (مام هەژار، 2011: 207). لە ڕاسـتیدا ئەو بزاڤە هونەریە جۆرێکی دیکەی خەبات بووە بۆ هۆشیاری نەتەوەیی، چونکە لە ناو شۆڕشەکانی کورددا مۆسیقا، سروود و هۆنراوەی بزوێنەری هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بە مەقام گوتن، هیچ کاتێک لە پێشمەرگایەتی و بەرگریکردن لە خاک و نەتەوە کەمتر نەبووە (ئەحمەد، 2015: 85). تیپی مۆسیقای باواجی بە هۆی هەوڵەکانیان بۆ دووبارە دابەشکردن و پوختەکردنی تێکستە فۆلکلۆرییەکان مۆرکێکی تایبەتی بە ناوچەکە بەخشیوە، لە هەمان کاتدا لە ڕێی بەرهەمەکانییانەوە خزمەتییان بە بواری هونەری کوردی کردووە.

لە لایەکی دیکەوە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە دەیان فێستیڤاڵ و بۆنەی نەتەوەییدا بە بەرهەمی باش و نوێ بەشدار بووە، بۆ نموونە لە مانگی ئەیلوولی سـالّی 1973 بەشـێک لە سـتافی تیپی مۆسـیقای باواجی کۆیە بە ئامادە بوونی ژمارەیەک لە گۆرانی بێژە کچ و کوڕە لاوەکان چوونە بەغدا و لەوێ بەرهەمەکانیان تۆمار کرد، هەروەها شـوباتی سـالّی ١٩٧٤ کاتێک یەکەم فێسـتیڤاڵی هونەری لە بەغدا سـاز دەکرێت، تیپی مۆسـیقای باواجی ئامادە دەبێت و لە ناو سەرجەم تیپە موزیکییە کوردستانییەکان پلەی یەکەمی بە دەست هێنا (باکووری، 2006: 25؛ باکووری، 2008: 233– 234؛ مام هەژار، 2011: 210). بە هۆی گرنگی و ئاسـت و پێگەی تیپی مۆسـیقای باواجی، لە کاتی کۆتایی هاتنی ئاگربەسـتی نێوان سـەرکردایەتی شـۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق، تیپەکە لە لایەن حکومەتەوە داخرا (6) (سلیمان

سوور، 2021: 59). لە ڕاستیدا داخستنی ئەو تیپە لە لایەن حکومەتەوە بە هۆی پشتگیری تیپەکە بوو بۆ شۆڕشی ئەیلوول (ژاڵی، مودریک، چاوپێکەوتن، 2024/3/10، کۆیە). لە دوای کۆتایی هاتنی ئاگربەست و دەست پێ کردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق، یەکێک لەو کارانەی کە حکومەتی عێراق وەک دژایەتی کردی داخستنی تیپی مۆسیقای باواجی بوو، دیارە ئەمەش دەرخەری سەنگ و قورسایی و گرنگی ئەو تیپە دەخاتە ڕوو، لەبەر ئەوەیە لە ڕێی داخستنی تیپەکەوە دەیەوێت پێش بە چالاکییەکانی بگرێت.

### 3- 2- شانۆ و شانۆگەری:

بەدەر لە مۆسیقا و مەقام و گۆرانی، هەر لە دوای 11ی ئازاری ساڵی 1970 شانۆ لە شاری کۆیە گەشایەوە، زیاتر گەشە بەو بوارە درا و ئافرەتانیش بەشدارییان لە شانۆ کرد، بە نموونە: سەباحەت عەزیز و کوردستانی عومەر، هەروەها پێشکەوتن و دەستپێشخەری هونەرمەندانی شانۆ لە کۆیە هەنگاوی گەورەی هاویشت، تا ئەو ڕادەیەی بیریان لەوە کردەوە کە لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و تۆمار کردنی درامایی تەلەفزیۆنی دەنگیان بە هەموو وڵات بگات، ئەمەش بۆ ئەو کاتە هەنگاوێکی گەورە بوو، لەو نێوەدا ساڵی 1973 درامایەکی تەلەفزیۆنی بە ناوەڕۆکێکی بیری نیشتمانی و پێشکەوتخوازی بە ناوی (بیری ئازادی) تۆمار کرا و لە تەلەفزیۆنی ئەوکاتی عێراق پەخش کرا، بەم هەنگاوەش توانرا هونەری شانۆ و نواندنی کۆیە بە باشووری کوردستان بناسێنن (عەبدولقادر، 2019: 268). بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 چەندە کاریگەری بە سەر تیپی مۆسیقا و گۆرانی گوتن هەبوو، بە هەمان شێوەش کاریگەری بە سەر شانۆ و شانۆگەری لە شارەکەدا هەبووە، نەک بە تەنیا بە ڕۆڵ گێڕانی پیاوان، بەڵکوو بە بەشداری ژنانیش، لە لایەکی دیکەوە ئەو ئازادییەی ئەو کاتەی کوردستان بووەتە هەوێنی لەدایکبوونی بیرۆکەی تۆمارکردنی شانۆ و پەخش کردن لە تەلەفزیۆنی ئەو کاتەی عێراقەوە، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگی هونەرمەندانی کۆیە بوو.

قۆناغی ئاگربەست دەرفەتی باشی بۆ دەرهێنەران و شانۆکارانی کۆیە ڕەخساند، تا لەو ماوەیەدا زۆرترین بەرهەمی شانۆیی نمایش بکەن، لەوانە: تیپی شانۆی کەکۆن، ساڵی 1970 شانۆی دکتۆری داتاشراوی لە دەرهێنانی ڕەهبەر جەلال مامەش، ساڵی 1970 شانۆی ئێمە منداڵی جوانین لە دەرهێنانی ڕەهبەر جەلال مامەش نمایش کراوە. هەروەها تیپی شانۆی کۆیە چەندین شانۆی جیاوازی لەو ماوەیەدا نمایش کرد، لەوانە: ساڵی 1970 شانۆیی دواڕۆژی ئەژدەهاک لە دەرهێنانی عیزەت جەمال، ساڵی 1970 شانۆیی سەرتاشی بێگانە لە دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی 1970 شانۆیی کرێکارێکی ماندوو، لە دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی 1971 شانۆی یادی شۆڕش لە دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی 1971 شانۆی شێرە ژنی کورد و پیاوی بێ ئەمەک لە دەرهێنانی حاجی ڕەسووڵ خەیات، ساڵی 1972 شانۆی ئەمر دەکەی بەگم لە دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی 1970، 1971 و 1973 شانۆی کاوەی ئاسنگەر لە دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها و هاوکارانی، ساڵی 1973 شانۆیی لە چاپخانەی شارەکەمدا لە دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی 1973، شانۆیی عفریتی عەیار لە دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها و حاجی ڕەسووڵ خەیات، ساڵی 1973، شانۆیی بازرگانی ڤینیسیا، دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها. هاوکات لە لایەن تیپی لاوان و قوتابییانی کوردستان چەند شانۆی جیاواز لەو ماوەیە پێشکەش کران، لەوانە: ساڵی 1972 شانۆی برایەتی کورد و عەرەب لە دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی 1973 شانۆی زێڕین لە دەرهێنانی کەمال ئیسماعیل، ساڵی 1973 شانۆی یادی نەورۆز لە دەرهێنانی مامۆستا هۆشمەند. لە لایەکی دیکەوە تیپی شانۆی میللی لای خۆیەوە چەند شانۆگەرییەکی پێشکەش کرد، لەوانە: ساڵی 1973 شانۆی شۆڕشی ئەیلوول لە دەرهێنانی حاجی ڕەسووڵ مستەفا، ساڵی 1973 شانۆی دوو بوخچەی نەکراوە لە دەرهێنانی عیزەت جەمال، ساڵی 1973 شانۆی ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێک لە دەرهێنانی ئیبراهیم کەتانە، ساڵی 1973 شانۆی فەرمانی ئاغا لە دەرهێنانی حاجی سۆفی ڕەسووڵ، ساڵی 1973 شانۆی سوورانە لە دەرهێنانی حاجی سۆفی ڕەسووڵ، ساڵی 1974 شانۆی شۆڕشی 14ی تەمموز لە دەرهێنانی حاجی سۆفی ڕەسووڵ، ساڵی 1974 شانۆی زیندەخەو لە دەرهێنانی حاجی سۆفی ڕەسووڵ (ئەحمەد، 2021: 88- 89).

لە ڕاستیدا شانۆ وەک بەشێک لە هونەری بینراو، زۆر جار وەک گەیاندنی پەیام نمایش کراوە، ئەگەر بە وردی سەرنج لە ناوی شانۆگەرییەکانی ئەو کاتەی کۆیە بدەین، لە لایەک دەردەکەوێت کە شۆڕشی ئەیلوول بووەتە هۆی ڕەخساندنی

دەرفەت تا دەرهێنەران و شانۆکاران شانۆکانیان نمایش بکەن، هەر وەک دیارە کە شانۆی شۆڕشی ئەیلوولیش نمایش کراوە، لە لایەکی دیکەوە نمایشـــەکان پتر هەڵقولاوی کۆمەڵگەی ئەو کاتەی کوردی بووە. ئەوەی جێی ســـەرنجە کۆی شـــانۆگەرییەکان لە لایەن یەک تیپی شـــانۆییەوە نمایش نەکراوە، بەڵکوو چوار تیپی شـــانۆیی هەر یەکەیان چەندین شانۆگەرییان پێشکەش کردووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە شـــاری کۆیە لە دوای بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970 تاوەکو 1974، لە ســـەرجەم لایەنە جیاوازەکانەوە گۆڕانکاری بەســـەردا هات و گەشـــایەوە، هەم لە ڕووی ئەدەبی، فەرهەنگی، ڕووناکبیری، ڕۆشـــنبیری، شانۆیی و هونەری، کە دەیان چالاکی جیاواز و جۆراوجۆر لەم بوارانە ئەنجام دران و بوونە مێژوویەکی پڕشنگدار لە بزاڤی هونەری کۆیە.

## 4 - بزاڤی ڕۆشنبیری لە کۆیە (1970– 1974):

لە باسـی پێشـوودا باسـمان لە کاریگەری بەیاننامەی 11ی ئازاری سـاڵی 1970 بە سـەر بەرەوپێش چوونی ڕەوتی هونەری شـــاری کۆیە کرد، بەڵام بەو مانایە نییە، کە کاریگەری ئەو بەیاننامەیە و ئازادییەی هاتە کایەوە، تەنیا ڕەوتی هونەری شـــارەکەی گرتبێتەوە، بە پێچەوانەوە کاریگەری بە ســـەر زۆرینەی ســـێکتەرەکانی ئەو شـــارە لە بوارەکانی هونەری، ئەدەبی، تەنانەت خزمەتگوزاری و کردنەوەی ژمارەیەک مەڵبەندی پیشـــەســـازی هەبوو، لەو نێوەدا ڕەوتی ڕۆشنبیری شارەکە گەشەی کرد، بە شێوەیەک بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی.

لە ڕاســـتیدا بەیاننامەی 11ی ئازار دەرگای بە ڕووی ســـەرجەم ئەو کەســـانەدا کردەوە، کە توانا و کارمەییان هەیە، هەروەها دەروازەیەک بوو بۆ هاتنە پێشەوەی ئەو فکر و ئەندێشانەی پێشتر بە هۆی فشار و گوشارەکانی حکومەتی عێراق و نەبوونی ئازادی دەرفەتی بە کرداری کردنی تواناکانیان نەبوو، بە هۆی ئەو ئازادییەی لە ئەنجامی سەرهەڵدانی دەســـەڵاتی کوردی و کەمبوونەوەی دەســـەڵاتی حکومەتی عێراق دروســـت بوو، بەرهەمی نوێ لەدایکبوو، ئەمەش بووە هۆی بووژانەوەی ڕەوتی ڕۆشنبیری شارەکە (ژاڵی، مودریک، چاوپێکەوتن، 2024/3/10، کۆیە). واتە بەیاننامەی 11ی ئازار ئەو ڕیشـە مێژووییە ڕۆشـنبیرییەی شـاری کۆیەی لە ڕێگەی چالاکییەوە بەدەرخسـتەوە، کەواتە بەیاننامەکە جیا لەوەی بووە هۆی هاتنە پێشـــەوەی خاوەن بیر و فکر و ئەندێشـــە، لە هەمان کاتدا بە هۆی ئەو ژینگە ئازادەی هاتە کایەوە بەرهەمی نوێ پەیدا بوو.

کاتێک بەیاننامەی 11ی ئازار خوێندرایەوە نزیکەی مانگێک، شـــەو و ڕۆژ لە هەموو گۆڕەپان، مەیدان و دەشـــتاییەکی کۆیە، شـایی و هەڵپەڕکێ بوو. ئەوەی گوترا هەر شـیعری میللی و بەت و باڵۆر و بەند بوو؛ دەهۆڵ و زوڕنا و تەپڵ و دەفی لەگەڵ نەبوو، ئەوە بووە هاندەر کە شـــاعیرەکان دەقی نوێ ئامادە بکەن و بهۆننەوە و خەڵکیش گوێیان لێ ڕادەگرن و لێیانەوە فێر بوون (شـــەوڕۆ، فازیل، چاوپێکەوتن، 2024/3/13، ئیمەیل). لەو نێوەدا ژمارەیەک گەنجی شارەکە دەستیان بە نووسین لە بوارەکانی شیعر، چیرۆک و شانۆ کرد، بەم هۆیەوە شیعر نووسین و بڵاوکردنەوەی گوتار ڕووی لە زیادی کرد، ئەو جووڵە ڕۆشـــنبیریی و ڕووناکبیرییە بووە هۆی پەیدابوونی فیکری نوێ، لە لایەکی دیکەوە دەستەی ڕۆشنبیرانی شار کۆڕی شیعرییان لە کتێبخانەی گشتی کۆیە بۆ شاعیران بەڕێوەبردووە، نەک بە تەنیا شـــاعیرانی کۆیە، بەڵکوو شـــاعیرانیان لە شـــارەکانی هەولێر و ســـلێمانی بۆ خوێندنەوەی شـــیعر بانگهێشـــت کردووە (دارياس، محەممەد، چاوپێکەوتن، 2024/3/8، کۆیە). ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەستەی ڕۆشنبیرانی کۆیە لە کاتی ئازادییدا توانای دەستپێکردن و بەردەوامیدانیان بە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان هەبووە.

### 4 - 1- کاریگەری بەیاننامەی 11ی ئازار لە سەر شاعیرانی کۆیە:

شـاعیران وەک توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە، لە کاتی ڕووداو و پێشـهاتە سـیاسـییەکاندا لە ڕێگەی شـیعرەوە پەیامی خۆیان بە خەڵک گەیاندووە، شـیعریش لەو نێوەدا زۆر جار کاریگەری گەورەی بە سـەر هەسـت و بڕیاری خەڵکەوە هەبووە، هەر وەکوو چۆن لە کاتی دەستپێکردنی شـۆڕشـی ئەیلوول شـاعیران لە ڕێگەی شـیعرەکانیانەوە هانی خەڵکیان داوە بە مەبەســـتی بەشـــداری کردن لە شـــۆڕش و هەوڵدان بۆ بەدەســـهێنانی مافەکانی گەلی کورد، بە هەمان شـێوە لە کاتی بەیاننامەی 11ی ئازار لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە دڵخۆشی و شادومانی خۆیان بۆ ئەو ئاگربەستە بەیان کردووە.

لە ڕاسـتیدا شـاعیرانی کۆیە، لە دوای هەر ڕووداوێکی مێژوویی پەیوەسـت بە شـۆڕشـی ئەیلوول، چ لە سـەر ئاستی

کوردستان، چ لەسەر ئاستی کۆیە، شیعرێکی تایبەت بە ڕووداوەکانیان نووسیوە و وێنای بارودۆخەکەیان کردووە. ڕووداوە مێژووییەکان و شۆڕش و بزووتنەوە کوردییەکانی کوردستان کاریگەرییان لەسەر هەستی سۆز و باوەڕی شاعیرانی کورد هەبووە (تەیب، ژ 5، 2023: 136). لەم سۆنگەیەوە شاعیرانی کۆیە بە بۆنەی بەیاننامەی 11ی ئازار لە ڕێگەی نووسینی شیعرەکانیانەوە پاڵپشتییان لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە.

بۆ نموونە بەیاننامەی 11ی ئازار لە شیعری سامی عەوداڵ ڕەنگی داوەتەوە، هەر وەک لە شیعری (ئازاری دووەم)دا دەڵێت:

یانزەی ئازارە، یانزەیی ئازار
چونە نەورۆز و گوڵزاری بەهار
ئومیدەوارین خوێن نەڕژێتەوە
ببێ بە مەرگی خوێنمژ و زۆردار
گولوکی باغان بە خوێن شین دەبوو
ئاوی خونچان بوو لەناو لالەزار (عەوداڵ، 2010، 85).

دیارە شیعرە سیاسییەکانی سامی عەوداڵ بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا نووسراون، خەڵکی بە ئاسانی لێیان تێدەگات، هەست بە ئێش و ئازارەکانیان دەکەن، کە زیاتر بایەخی بە لایەنی هزری داوە (تەیب، ژ 5، 2023: 132). ئەو شیعرەی عەوداڵ گوزارشت لە باوەڕی شاعیر بە تایبەتی و خەڵک بە گشتی دەکات، کە بەیاننامەکە بە ئومێد و هیوا وێنا دەکات.

هەروەها یەکێکی تر لە شاعیرانی کۆیە، بە ناوی خالید دلێر، ساڵی 1970 شیعری (ئۆتۆنۆمی) نووسیوە، هەر وەک دەڵێت:

ئاواتی خۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی
ئەی ئۆتۆنۆمی ئاواتی خۆمی
لە تۆیان دەوێ خەڵکی هەموویان
برینی ئێستا و ئێ ڕابردوویان
سارێژکەری ماف و خۆشی و سەربەستی
هەر کەس هەقی خۆی بخەیتە دەستی (شەریف، 2020، 242- 243).

لەو سەردەمە دروشمی سەرەکی جوڵانەوەی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوو لە دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان (تەیب، ژ 5، 2023: 130)، هەر لەو ماوەیەشدا گۆرانی (وەی وەی) نووسیوە، واتە هەم هۆنراوە و هەم ئاوازی داناوە و بە دوای دەنگێکی گونجاودا گەڕاوە تا گۆرانییەکەی پێ بدات (شەریف، 2020: 260).

بێجگە لەمانەش، دیاری شاعیر باس لە خەباتی نەپساوەی پێشمەرگە دەکات لە بەرەکانی شەڕ و بە خوێنی ئەوان حکومەتی عێراق ناچار بووە دان بە ئۆتۆنۆمی دابنێت و ماوەیەک بە ئاسوودەیی بژین. لەم بارەیەوە دەڵێت:

ساڵی 71 پاش ئێش و ئازار
خۆشی پەیدا بوو لە دەشت و لە شار
بۆ نەتەوەی کورد زستان بوو بەهار
گیانی لێ برا دوژمن و بەدکار
کورد و عەرەب بوون بە تێکڕایی
دەستی یەکیان گرت و کەوتنە شایی (کانی کوردەیی، 2014، 32).

شاعیر لەم شیعرەیدا دڵخۆشی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر ئەو بەیاننامەیە دووپات دەکاتەوە، کە بووەتە هۆی دڵخۆشی خەڵک و لەو نێوەشدا بە شایی شادومانی خۆیان دەربڕیوە.

## 4- 2- چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆیە:

لە دوای بەیاننامەی 11ی ئازار، بە تایبەتی لە ڕۆژی 24ی تشرینی یەکەمی 1970 بە سەرپەرشتی لیژنەیەک لە مامۆستایانی کوردستان یادی 27 ساڵەی کۆچی دوایی مەلای گەورە کرایەوە، لەو نێوەدا خەڵکێکی زۆر لە مزگەوتی گەورە کۆبوونەوە، لەوێوە بەرەو گڵکۆی مەلای گەورە لە گۆڕستانی دەروێش خدر چوون و تاجە گوڵینەیان لە سەر دانا، هەروەها لە کاتژمێر 3ی دوای نیوەڕۆ بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر، ئەدیب، نووسەر، مامۆستا، مامۆستای ئایینی، ڕۆشنبیران و کاسبکاران ئاماژە بە کارەکانی مەلای گەورە لە بواری ئایینی و ئەدەب و ویژەی کوردی کرا (وردی، 2014: 20). یەکێک لە چالاکیە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کاتە کە لە شارەکە ئەنجام دراوە، یادکردنەوەی کەسایەتییە مێژووییەکانی شارەکە بووە، ئەمەش دووپاتەی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە مێژووی شارەکە هاوکار و هۆکار بووە بۆ بەردەوامیدان و بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ڕۆشنبیری.

لە درێژەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی شاری کۆیە، لە 24ی حوزەیرانی ساڵی 1971 یادی حاجی قادری کۆیی کرایەوە، لە سەر ئاستێکی گەورەدا لە قوتابخانەی باواجی کۆیە سازکرا، کە لە سەر ئاستی عێراقدا بەڕێوەچوو، تێیدا دەیان شاعیر و نووسەری عێراق لە کورد و عەرەب بەشدار بوون و بەرهەمیان پێشکەش بە ئامادە بووان کرد، هاوکات چەند ئەدیب و نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون (ساڵح، 2008: 48؛ ئەحمەد، 2023/ أ: 286؛ شێخ شەرەف، شێخ سەلاح، چاوپێکەوتن، 2024/3/3، کۆیە). هەروەها لە لایەن ئیبراهیم سابیر وەلی شیعری (تا ڕێک نەکەون قەبیلەی ئەکراد)ی حاجی قادری خوێندرایەوە، دواتر پێشنیازی ئەوەی کرد کە گەڕەکی ئیسکان بە ناوی دڵداری شاعیر ناوبنرێ، ئامادەبووانیش پێشنیازەکەیان قبووڵ کرد. ئەنجامدانی ئەم چالاکییە بە سەرپەرشتی لیژنەیەک لە مامۆستایانە بەڕێوەچوو، کە ئەمانەن بوون: تایەر سەعید، (عوسمان عەونی[7])، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، عاسی، مەجید نوورەدین، ڕۆستەم حەوێزی، جەلال جۆبار، حەمەدەمین مەعرووف، عومەر حاجی حەسەن، مەجید ئاسنگەر، محەممەد عەبدوڵڵا، سەلاح حوسێن، سەیفەدین موفتی، جەلال حەمەد مامەش و کەریم شارەزا. هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا ئیبراهیم سابیر وەلی[8] ڕۆژی 1ی ئاب هەمان ساڵی وەک ڕۆژی کۆیە دەستنیشان کرد، کە مەبەست لێی کۆکردنەوەی خەڵک و گفتوگۆکردن بوو لە سەر کەموکورییەکانی شاری کۆیە (وردی، 2014: 26- 29). ئەم مەراسیمە بۆ یاد کردنەوەی حاجی قادر ئەنجام دراوە، هەستێکی نەتەوەیی قووڵی لەخۆگرتووە، چونکە خودی حاجی قادر وەک شاعیرێکی ناسیۆنالیستی کوردی، کە بە یەکێک لە شاعیرە نەتەوەییەکان دادەنرێت و بە ڕوونی ئەمە لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، لە لایەکی دیکەوە خوێندنەوەی شیعری (تا ڕێک نەکەون قەبیلەی ئەکراد) دووبارەکردنەوەی ئەو هەستەیە، بە تایبەتی لە دوای نۆ ساڵ لە دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلوول بەیاننامەی 11ی ئازار واژۆ کرا.

لە درێژەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان لە دوای بەیاننامە، لە لایەن مامۆستا دڵشاد نەجیب، مامۆستا عەبدوڕەزاق گەرگەش، کەمال ئیسماعیل دیوە و چەند مامۆستایەکی ژن، ساڵانە چەندین پێشانگایان لە هۆڵی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیە کردووەتەوە، جگە لە ئەنجامدانی چالاکی ساڵانە (شەوڕۆ، فازیل، چاوپێکەوتن، 2024/3/13، ئیمەیڵ). ئەو چالاکییە جیاوازانە ڕوونی دەکەنەوە، کە ئەنجام دانی چالاکی لە لایەن چینە جیاوازەکانی ناو شاری کۆیە، ویستێکی گشتگیر هەبووە بۆ برەودان و بەردەوامیدان بە ڕەوتی ڕۆشنبیری شارەکە.

## 4- 3- ڕەوتی ڕۆشنبیری و دروستبوونی کۆمەڵەی هونەر و ویژەی کوردی (کۆیە):

چالاکییە بەرفراوانەکانی ڕۆشنبیرانی کۆیە لە دوای بەیاننامەی 11ی ئازار، بووە سەرەتایەک تا ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆشنبیران بیر لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی تایبەت بە بوارەکە بکەنەوە، لەو نێوەدا کۆمەڵەی هونەر و ویژەی کوردی لە لایەن چەند ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆشنبیر و مامۆستایەکی شاری کۆیە دامەزرا، کۆمەڵەکە بووە هۆی کۆکەرەوەی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەدیب، لەوێشەوە کەوتنە خزمەتی ئەدەب و هونەر و بواری ڕۆشنبیری شارەکە، کۆمەڵەی هونەر و ویژەی کوردی لقی کۆیە، لە لایەن ئەم کەسانەوە دامەزرا: مەجید ئاسنگەر (1932- 2012)، سەلاحی شێخ

شـــەرەف، عوســـمان عەونی، فازیل شـــەورۆ، جەواد حەمەد بەگ[9]، ســـەیفەدین مەلا مەجید، تاهیر حەوێزی (1919- 2000)، ســامی عەوداڵ، ئیبراهیم ســەید ســەعید بەرزنجی، شــەفیق بەیاد، عاســی (1885- 1975)، مەلا عەلی حاجی تۆفیق (عەبدولقادر، 2019: 267- 268؛ ئەحمەد، 2023/ أ: 285). لە ڕاســـتیدا ئەو کۆمەڵەیە بووە کۆکەرەوەی ڕۆشــنبیر و هونەرمەند و ئەدیبان، کە هاوکار و ڕێگەخۆشــکەر بوون بۆ بەرەوپێشــچوونی بزاڤی ڕۆشــنبیری لە کۆیە (شــێخ شـــەرەف، شــێخ ســـەلاح، چاوپێکەوتن، 2024/3/3، کۆیە). جەواد حەمەد بەگ ســـەبارەت بە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە دەڵێت: ڕۆژێک مامۆســـتا فازیل شـــەورۆ هاتە لام و پێی گوتم بۆ کۆمەڵەیەکی ئەدەبی و هونەری دروســـت نەکەین؟ ئەوە بوو ڕێککەوتین سبەی دابنیشین و قسەی لە سەر بکەین، کەچی شەورۆ گوتی دانیشتنەکەی سبەینێ دەکەینە ئەمشەو، هەمان شەو چووینە ماڵی هەر یەک لە مەجید ئاسنگەر و سەلاح شێخ شەرەف، ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، بۆ ڕۆژانی دواتر پەیوەندییمان بە ئەدیب و شـــاعیر و ڕۆشـــنبیرانی دیکەی شـــارەکەوە کرد، لەوانە: ڕۆستەم نافیع، سـامی عەودال، جەلال جۆبار، عوسـمان عەونی، مەلا عەلی، وەهاب حەکیم و سـەیفەدین مەلا مەجید، دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا کۆمەڵەی هونەر و وێژەمان لە کۆیە ڕاگەیاند و عوســـمان عەونی کرا بە ســـەرۆکی کۆمەڵە (ســالح، 2023: 72). بە ڕێکخراوەیی بوونی ئەو دەســتەیە لە ڕۆشــنبیرانی شــار، کە چینە جیاوازەکانی لەخۆگرتبوو، هەنگاوێکی گرنگە تا کارەکانیان شێوەیەکی فەرمی وەربگرێ و دەرفەتی پتر لە بەردەمیاندا بکرێتەوە.

کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی کۆیە، کە بە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کۆیە نـاوی دەرکرد، دەیـان کۆڕ و سیمیناری ئەدەبیان بەست، یەکێک لە کارەکانیان لە 29ی تشرینی دووەمی ساڵی 1973 و بە مەبەستی ڕێزلێنان لە حاجی قادری کۆیی، پەیکەرێکی تایبەتییان بۆ دانا، لە کاتی لادانی پەردە لە ســـــەر پەیکەری حاجی قادری کۆیی هێمن موکریانی (1921- 1986) شـیعری (دەسـکەوتی خەبات[10])ی خوێندووەتەوە (سـالح، 2008: 48؛ ئەحمەد، 2023/ أ: 286؛ شێخ شـەرەف، شێخ سـەلاح، چاوپێکەوتن، 2024/3/3، کۆیە). سـەبارەت بە دانانی پەیکەری حاجی قادری کۆیی، مەولوود ژاکاو، دەڵێت: "ئیبراهیم ســـابیر وەلی، پێشـــنیازی ئەوەی کرد کە گەورە پیاوانی شـــۆڕشـــی ئەیلوول و مەلا مستەفا ببینن و ڕازی بکرێن بە دانانی پەیکەری حاجی قادر لە ناو شـاری کۆیە، لە ئەنجامدا ئیبراهیم سابیر وەلی مەلا مســـــتەفای بارزانی دیت و پەســـــەندی بیرۆکەکەی کرد و گوتبووی خەمت نەبێ بیرۆکەکە جێبەجێ دەکەین، لە دوای تەواو کردنی پەیکەرەکە لیژنەیەک لە ڕۆشـــنبیرانی کۆیە بە ســـەرپەرشـــتی عوســـمان عەونی پێک هات و مەراســـیمی پەیکەردانان لە لایەن عەلی حەوێز بەڕێوەچوو، لە مەراسـیمەکەدا جیا لە خوێندنەوەی شـیعری (دەسـکەوتی خەبات) لە لایەن هێمن موکریـانی، مەســـعوود محەممەدیش وتـارێکی بە زمـانی عەرەبی پێشـــکەش کرد" (ژاکـاو، مەولوود، چاوپێکەوتن، 2024/3/14، کۆیە). ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی لە لایەن کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە ئەنجامی ئازادی کوردســـتان بووە، لە کاتێکدا بەر لە 11ی ئازار بیرۆکە و ئەندێشـــەی کار و چالاکی ڕۆشـــنبیری لە نێو ڕۆشــنبیرانی شــارەکەدا هەبووە، بەڵام بە هۆی هەلومەرجی نالەباری کوردســتان دەرفەتی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان نەبووە.

جیاواز لە کارەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کۆیە، هەوڵی تاکەکەســی بۆ ڕۆشــنبیری و هۆشــیارکردنەوەی خەڵکی کۆیە لە شـــارەکەدا بەرچاو کەوت، بە نموونە: ئیبراهیم ســـابیر وەلی، لە چوارچێوەی هۆشـــیاری گەنجان، لە کاتی کۆکردنەوەی بەشـێک لە گەنجانی شـارەکە لە دەوری خۆیدا، ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردوون، کە لە ڕێی کڕینەوە بایەخ بە بەرهەمی ناوخۆیی بدەن، کاتێک لە چایخانە دادەنیشن لە جیاتی ساردی (پیپسی/ کۆلا) ماستاو بخۆنەوە، تا بەرهەمی خۆمـاڵی بەردەســـــت بوو، بەرهەمی دیکە مەکڕن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی هـانـدان و بەردەوام بوونی بەرهەمە ناوخۆییەکان، هەروەها لە بواری ژینگەپارێزی و پاکوخاوێنی قسـەی بۆ گەنجەکان کردووە. لە لایەکی دیکەوە لە دوای 11ی ئازار، وشـــەی کوردی جێگەی وشـــەی عەرەبی گرتەوە، خەڵک لە کاتی لەدایکبوونی منداڵەکانیان لە جیاتی ناوی عەرەبی نـاوی کوردییـان لە منـداڵەکـانیـان نـاوە (داریـاس، محەممەد، چـاوپێکەوتن، 2024/3/8، کۆیە). ئەگەرچی دروســـتبوونی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی وەک دامەزراوەیەکی تـا ڕادەیەک فەرمی بەشـــێک لە چـالاکییە ڕۆشـــنبیرییەکـانی لە چوارچێوەی هۆشـــیـاری کۆمەڵگە ئەنجـام داوە، بەڵام ئەمە لەمپەر نەبووە لە بەردەم هەوڵە تاکەکەســـییەکان، لەبەر ئەوەیە لەســـەر ئاســـتی تاکیش وەک هەســـت کردن بە بەرپرســـیاریەتی خەڵکیان هۆشـــیار کردووەتەوە، ئەوەی گرنگە ڕێنمایی خەڵک کراوە بۆ بایەخدان بە بەرهەمی ناوخۆیی تا خاوەنەکانیا بتوانن بەردەوامی پێ بدەن.

لە ڕاستیدا 11ی ئازار تەنیا بووژانەوەیەک نەبوو بۆ کاتی ئاگربەست بە تەنیا، بەڵکوو بووژانەوەکە درێژەی کێشا بۆ سالآنی هەشتاکان و نەوەدەکان و تەنانەت ئێستاش، هەر وەک چۆن لە کاتی تەقینەوەی کانییەک، ئاوی کانییەکە بەردەوام دەبێت، بە هەمان شێوەش ئەو بووژانەوەیە درێژەی کێشا (ژاڵی، مودریک، چاوپێکەوتن، 2024/3/10، کۆیە). کاریگەری بەیاننامەی 11ی ئازار بە تەنیا لە ماوەی چوار ساڵدا نەبوو، بەڵکوو کاریگەرییەکەی درێژەبوودا بوو و لە دوای خۆشی هەمان ڕەوت درێژەی هەبوو و بووە بەشێک لە مێژووی پڕ لە چالاکی لە بواری هونەری و ڕۆشنبیری، ئەگەرچی لە دوای 11ی ئازاری ساڵی 1974 حکومەتی عێراق ڕێگری لە چالاکی کوردی باشووری گرت، بە نموونە تیپی مۆسیقای باواجی هەڵوەشاندەوە، ئەگەرچی ئەمە وەک لەمپەرێک وا بوو، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی کۆژانەوەی چالاکییەکان، هەر وەک دەبینین تاکوو ئێستا تیپەکە بوونی هەیە، لە بەرانبەر ڕێگرییەکانی حکومەتی عێراق چالاکی بە شێوە و ناوی دیکە بەردەوامی هەبوو، بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ماوەی چوار ساڵی سەقامگیری سیاسی لە کوردستان، شاری کۆیە لە بزاڤی ڕۆشنبیری پێشەنگ بووە.

## 5 – ئەنجام

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

1. شاری کۆیە وەک یەکێک لە شارە دێرینەکانی کوردستان، لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکانیدا مەڵبەندی گرنگی سیاسیی و ئابوری و کارگێڕی بووە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری شارەکەوە هەبووە. هەرچی بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری کۆیەیە، زادەی بیری ڕۆشنفکران و کەسایەتییە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانی وەک: حاجی قادری کۆیی، مەلای گەورە و دڵداری شاعیر ... هتد، جێدەست و کاریگەری دیارییان بەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی هونەر و ڕۆشنبیری شارەکەدا دیارە.
2. لە ئەنجامی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 لە عێراقدا، شەپۆلی گۆڕانکاری ڕیشەیی و بەرەو پێشچوونی هونەر و ڕۆشنبیری لە کۆیە پتر بەدیارکەوت و دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی و پێگەیاندنی چەندین مەقام بێژو گۆرانی بێژ لە شارەکەدا و ئەنجامدانی چەندین چالاکی هونەری، گروتینێکی گەرمی دابووە بەر بزاڤی هونەری لە کۆیە، ئەگەرچی دواتر و لەماوەی دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتکەرانەی حکومەتی عێراقی، ئەو بزاڤە هونەرییە سست و وەک پێویست نەبووە.
3. بەیاننامەی 11ی ئازای 1970 کاریگەری گەورە و ئەرێنی خستە سەر بوژانەوە و گوڕوتین پێدان بە بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری لە کۆیە تاوەکو ساڵی 1974، کە لەو ماوەیەدا هونەر و بەتایبەتی هونەری شانۆ و دامەزراندنی چەند کۆمەڵەیەکی هونەری و ڕۆشنبیری، سیمایەکی گەشاوەی بە مێژووی بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری کۆیە بەخشیوە، وەک یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی مێژووی شاری کۆیە.
4. لە ماوەی چوار ساڵی ئاگربەستی نێوا سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق، شاری کۆیە لە بواری هونەری، شانۆ و ڕۆشنبیری بەرەوپێش چوونێکی گەورە و گرنگی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بە هۆی ئەو ئازادییەوە هاتە ئاراوە، ئەویش زادەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو.
5. بەشداری ژنان شانبەشانی پیاوان لە چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی کۆیەدا، یەکێکە لە سیما دیارەکانی پێشکەوتنی بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری کوردی لەو قۆناغە مێژووییەدا.
6. بەر لە بەیاننامەی 11ی ئازار، واتە مێژووی شارەکە لە ڕووی هونەری و ڕۆشنبیرییەوە هاوکار بوو، تا لە کاتی ئازادبوونی کوردستان بە کرداری ئەندێشە و توانا و کارامەییەکانی خۆیان نمایش بکەن.

## 6- پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان

### پەراوێزەکان

(1) سلێوە یەلدا سلێوە، ناسراو بە سێوە، ساڵی ١٨٩١ لەنێو کریستییانەکانی کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٠٣ و ١٩٠٤ زمانی کلدانی و بنچینەکانی ئایینی مەسیحی لای قەشە گۆرگیس خوێندووە. ساڵی (١٩٢٠) لای قەشە حەننا دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە و بە پلەی (شەماس) گەیشتووە. ناوبراو لە 9ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کریستییانەکانی گەڕەکی هەرمۆتە ئەسپەردەی خاک کرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەحمەد،

(2021: 14- 15).

(2) ئەندریۆس ئیسرایل، ناسراو بە باکووری، ساڵی 1928 لە نێو مەسیحییەکانی کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە دەخوێنێت، ساڵی 1957 بەشی زمانی ئینگلیزی لە بەغدا تەواو کردووە، هاوکات لە بواری هونەریدا کاری کردووە و بە پلەی یەکەم ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، یەکێکە لە کەسایەتییە هونەرییەکانی شاری کۆیە و خاوەنی دەیان گۆرانییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (باکووری، 2006). ناوبراو لە 2ی تشرینی دووەمی ساڵی 2022 کۆچی دوایی کرد.

(3) لێرەدا ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستا باکوری بەسەر بزاڤی هونەری کۆیەوە بەتەواوی بەدیاردەکەوێت، چونکە کاتێک خوێندنی لە بەغدا تەواو دەکات، یەکەم دامەزراندنی لە شاری کۆیە دەبێت لە ڕێککەوتی 1957/9/7، دوای ئەوەی کە دەست بە دەوام دەکات و لە یەکەم کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایاندا دوای کۆمەڵێک گفتوگۆ و سەرنج و ڕادەبرینی گشت مامۆستایان نۆرەی مامۆستا باکوری دێت، ئاخۆ چی لە هەگبە دایە وەک یەکەم جاری مامۆستایەتی، ئیدی ئەویش کۆمەڵێک پێشنیار دەخاتەڕوو لە لایەنی پەروەردەیی و وەرزشی و هونەری، پێشنیاری لایەنی هونەری بریتی دەبێت لە هەڵبژاردنی کۆمەڵێک قوتابی، بۆ ئەوەی بتوانن گروپێکی بچووکی هونەریان لێ دروست بکات و پەروەردەیان بکات و سوودیان لێ وەربگرێ بۆ ئاهەنگی قوتابخانە، قوتابییەکانیش ئەمانەن بوون: زاهیر محەمەد، کەمانچە. سەردار ئەحمەد، شمشاڵ و نای. ئیبراهیم فەرجوڵڵا، کەمانچە. حەمید ئیسماعیل، کەمانچە. ئەکرەم باقی، عود.کاکە مەم قادر، عود. عەونی عەلی مەولود، تەپڵ. نەشئەت حەمید، دەف. ئەنوەر تاهیر، کۆرس، گۆرانی. ئەکرەم ئەنوەر، کۆرس، گۆرانی. وریا قادر حەسەن، کۆرس، گۆرانی. ئەم قوتابیانە و لە دەرەوەی قوتابخانەش و لە قوتابخانەکانی دیکەی شاریش، هەندێک قوتابی دیکەی لە کوڕ و کچ کۆکردۆتەوە بۆ تەواو کردنی گروپەکەیان و بەکارهێنانیان وەک کۆرس و هەڵپەرکێ، یەکەم ئاهەنگی ئەم گروپە بە سەرپەرشتی مامۆستا باکوری لە پایزی ساڵی 1957 لە ناو قوتابخانەی ناوەندی ئەنجام درا، ئەم ئاهەنگە خنجیلانەیە بووە بە مایەی خۆشحاڵی و شانازی بۆ گروپەکە و گشت مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش، دواتر لە زۆربەی ئاهەنگ و بۆنەکان ئامادە دەبوون و بەشداریان دەکرد، هەر لێرەوە دروست بوونی ئەم گروپە خنجیلانە بوە بناغەیەک چەکەرەی کرد و گەشەی کرد بۆ دروست بوون و بناغە دانانی تیپێکی موزیکی کە لە دواییدا بووە جێگای شانازی شاری کۆیە و دانیشتوانی و بەتایبەتی هونەرمەندانی شارەکە، لێرەدا هەر لەم ساڵەدا باکوری بڕیار دەدات کە لەم گروپە چالاک و زیرەکە تیپێکی هونەری گەورە دروست بکات، کە ئەمیش تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بووە کە لە ساڵانی (1957- 1958) دایانمەزراندووە. وەرگیراوە لە: (باکوری، 2006: 25- 42).

(4) کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەرە جوانەکان بە سەرۆکایەتی باکووری لەم کەسانە پێک هات: بیلال بەهائەدین، عەبدولڕەحمان هەناری، جەمال کەریم، کەریم شارەزا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حەوێزی، 1984 274).

(5) زاهیر محەممەد ئیبراهیم، ساڵی 1939 لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی 1962 پەیمانگای هونەر جوانەکانی لە بەغدا تەواو کردووە، هەمان ساڵ لە کوت بووە بە مامۆستا، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای باواجی و ڕۆڵی بەرچاوی لە گەشەکردن و چالاکی هونەری سروود و مۆسیقا و گۆرانی ڕەسەنی تایبەت بە کۆیە و کوردستان هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەلائەدین، 2014: 368-369). ئێستا لە هەولێر دەژیت.

(6) ساڵی 1974 تیپی مۆسیقای باواجی لە لایەن حکومەتی بەعس داخرا، بەڵام دواتر و لە 1983 عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەحمەد، کە بە مەلا ماتۆڕ ناسرا بوو، هاتە کۆیە کە ئەوسا وەزیر بوو، یادداشتنامەیەکیان پێشکەش کرد بۆ گەڕانەوەی تیپی مۆسیقای باواجی لە لایەن کۆسرەت حاجی و جەلال عەزیز زەینەڵ، لە هەمان ساڵدا ڕەزامەندی کردنەوەی وەرگیرا. وەرگیراوە لە: (سلیمان سوور، 2021: 59؛ ئەحمەد، 2023/ أ: 285).

(7) عوسمان حەبیب عەبدوڵڵا محەممەد عەبدوڵڵا، ناسراو بە عوسمان عەونی، لە 1ی تەمموزی 1911 لە شاری کۆیە لەدایکبووە، تاکوو پۆلی پێنجەمی خوێندووە، دواتر بە هۆی کۆچی دوایی باوکییەوە واز لە خوێندن دەهێنێت، دواتر لە مزگەوتی حەتک لە لای مەلا محەممەدی مەلا برایمی عەودالان هەندێک دەرسی ئایینی خوێندووە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی فراوانی لەگەڵ شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی هەبووە، ناوبراو لە 20ی تەمموزی 1992 کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاک سپێرراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مستەفا، 2014، 32- 61).

(8) ئیبراهیم سـابیر وەلی، سـاڵی 1938 لە گەڕەکی مەیدانی قەڵای کەرکووک لەدایکبووە، سـاڵی 1944 لە قوتابخانەی کۆیەی یەکەمی سـەرەتایی دەسـتی بە خوێندن کردووە، سـاڵی 1953 بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، ساڵی 1956 بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەی سەرەتایی گوندی عەسکەر، خاوەن بیرۆکەی ڕۆژی کۆیەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (وردی، 2014: 44- 45). ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت.

(9) جەواد حەمەد بەگ، سـاڵی 1946 لە کۆیە لەدایکبووە، سـاڵی 1953 چووەتە بە خوێندن، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی 1969 خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە. ساڵی 1970 لە گوندی خرابەی دەشـتی کۆیە بووەتە مامۆسـتا، ماوەی 39 سـاڵ وەک مامۆسـتا بەردەوام بووە و سـاڵی 2009 خانەنشین بووە، لە بواری نووسین جێ دەستی دیارە و بە فەرهەنگی کۆیە ناسراوە، پتر لە 200 بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردووەتەوە و خاوەنی 3 کتێبی چاپ کراوە، هەروەها 10 بەرهەمی دەسـتنووسـی لە دوا بەجێماوە، شەوی 26- 27ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2015 کۆچی دوایی کرد (جەواد، نالی، چاوپێکەوتن، 2024/2/5، کۆیە).

(10) هێمن موکریانی، سێ ڕۆژ بەر لەو یادە و لە 26ی تشرینی دووەم، شیعری (دەسکەوتی خەبات)ی نووسیوە، لە شیعرەکەیدا ئاماژەی بە حاجی قادر کردووە، وەک دەڵێت:

چلۆن بۆ سورمە نابێ خاکی شارێک
کە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێک (هێمن، 2014: 222- 224).

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبەکان:


- ئەحمەد، زامدار، (2021): سێوە و دڵدار لە چەند دیدارێکدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- ئەحمەد، زامدار، (2023/ أ): کۆیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا (1961- 1975)، بڵاوکراوەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی دانشفەر، هەولێر.
- ئەحمەد، زامدار، (2023/ ب): کۆیە لە چەند ڕاپۆرتێکدا، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی تاران.
- ئەحمەد، وریا، (2015): خالید دلێر (هۆنراوە و نۆتەی سـروود و گۆرانییەکان و هەندێ لە نووسـینی هونەری و بیرەوەرییەکانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- ئەحمەد، کەیفی (دکتۆر)، (2021): شانۆ و دراما لە وراتی کۆیە (1919- 2021)، چاپخانەی تاران.
- باکووری، (2006): تەمەنێک (گۆرانی، ئاواز، مۆسیقا و خۆشخوانی)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- باکووری، (2008): بە بۆنەی یۆبیلی زێرینی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە 1957- 2008، کۆمەڵگەی چاپەمەنی شەهاب، هەولێر.
- تەیب، جەمال فەتحوڵڵا، (2008): کۆیە (1918- 1958) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- حەوێزی، تاهیر ئەحمەد، (1984): مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی نەمیر، بەغدا.
- ساڵح، ئارام، (2023): پڕۆژەی 100 دیداری بڵاونەکراوە، بەشی چوارەم، بێ شوێنی چاپ.
- سلیمان سوور، عەبدولمەسیح سلیمان، (2021): تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، چاپخانەی ئازادی.
- شـارەزا و ئەوانی دیکە، کەریم و ئەوانی دیکە، (2009): کۆیە لە ڕەوتی شـارسـتانیەتدا، بەڕێوەبەرایەتی گشـتی ڕۆژنامەنووسـی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- شارەزا، کەریم، (2013): کۆیە و شاعیرانی، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- شەریف، عەبدولواحید ئیدریس (دکتۆر)، (2020): خالید دلێر باوەڕێکی نەگۆڕ (ئەدەب، هونەر، سیاسەت)، چاپخانەی تاران.
- صلیوە، هاوژین (دکتۆر): مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی.
- عەلائەدین، عەبدولخالق، (2014): کۆیە... ناودارانی، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ.
- عەوداڵ، سامی، (2010): دیوانی سامی عەوداڵ، کۆکردنەوە و پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی: د. کەمال مەعرووف، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- فەتاح، ڕزگار عومەر، (2021): ڕۆڵی ئارام سـاڵح لە بواری ڕۆشـنبیری لە کۆیە دوای ڕاپەڕین (توێژینەوەیەکی وەسـفی شـیکاری ڕەخنەییە)، بەشێک لە کتێبی چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی ئەزموونی شیعریمەوە، ئامادەکردنی: ئارام ساڵح، چاپخانەی تاران.
- کانی کوردەیی، مەلا ڕەسـوول، (2014): لە هەواری کانی کوردەوە (چەپکێک لە هۆنراوەکانی دیاری)، بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- مام هەژار، (2011): چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کۆیە، بڵاوکراوەی سـەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشـی کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شـەهاب، هەولێر.
- محەممەدئەمین، سـتار، (2022): بۆ ئەوەی ڕاسـتییەکان ون نەبن لەزاری کەمال محیەدین، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بێ شوێنی چاپ.

– مستەفا، ئومێد عەزیز، (2014): ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وەسفییە)، بێ شوێنی چاپ.
– وردی، محەممەد تۆفیق، (2014): شـــاری کۆیە و چالاکوانی کۆمەڵایەتی ئیبراهیم ســـابیر وەلی، وەرگێرانی: مەولوود ژاکاو، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
– هێمن، مامۆســتا، (2014): ســەرجەم نووســینەکانی مامۆســتا هێمن (تاریک و ڕوون، ناڵەی جودایی، بارگەی یاران و نامە و پەخشــانەکان)، چاپخانەی هەولێر، هەولێر.

**دووەم: نامەی ماستەر و توێژینەوە زانستییەکان:**

**أ– نامەی ماستەر:**

– ساڵح، شیلان تاهیر ، (2008): کۆیە لە نێوان ساڵانی (1958– 1975) (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە و پێشکەشی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە کراوە

**ب– توێژینەوە زانستییەکان:**

– عەبدولقادر، کەیفی ئەحمەد (دکتۆر)، (2019): مێژووی هونەری شـــانۆی کۆیە لە دەســـتپێکەوە تا 1980، کۆنفرانســـی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2019.
– تەیب، جەمال فەتحوڵلا (دکتۆر)، (2023): ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی شـۆڕشــی ئەیلوول لە شــیعری شــاعیرانی کۆیەدا لە ســاڵانی (1961– 1975)، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی 8، ژمارە 5.

**سێیەم: چاوپێکەوتنەکان:**

– جەواد، نالی، چاوپێکەوتن، 2024/2/5، کۆیە. کوڕی جەواد حەمەد بەگ، ســـاڵی 1982 لە شـــاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی ســـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی 2004 بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سەلاحەددین بەشی جوگرافیای وەرگرتووە، ساڵی 2009 ماستەر و ساڵی 2013 دکتۆرای لە جوگرافیا لە زانکۆی کۆیە بەدەست هێناوە، ئێستا پرۆفیسۆرە و مامۆستایە لە بەشی جوگرافیا/ فاکەڵتیی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە.
– شـێخ شـەرەف، شـێخ سـەلاح، چاوپێکەوتن، 2024/3/3، کۆیە. ناوبراو سـاڵی 1948 لە گوندی کەلکان لەدایکبووە، سـاڵی 1968 پەیمانگای مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە هەمان ساڵدا بووەتە ئەندامی سکرتاریەتی قوتابییانی کوردستان و بەرپرسی لقی سلێمانی، ساڵی 2000 تا 2003 قایمقامی کۆیە بووە، لە ساڵی 2003 تا ساڵی 2005 پارێزگاری هەولێر لە کۆیە بووە، چەند کتێبێکی چاپ و بڵاوکردووەتەوە و سەرپەرشتی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە دەکات.
– داریاس، محەممەد، چاوپێکەوتن، 2024/3/8، کۆیە. ســاڵی ١٩٥٢ لە شــاری کۆیە لەدایکبووە، ناوبراو ســاڵی ١٩٧٤ پەیمانگای مامۆســتایانی هەولێری تەواو کردووە و بووە بە مامۆســتا، ســاڵی 2015 خانەنشــین بووە، لە نووســینی شــیعردا جێ دەســتی لە مێژووی ئەدەبی شــارەکەدا هەیە، داریاس ئەندامی یەکێتی نووســـــەرانی کورد، بنکەی ئەدەبی ڕووناکبیری گەلاوێژە و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بابەت و گوتاری بڵاوکردووەتەوە.
– ژاکاو، مەولوود، چاوپێکەوتن، 2024/3/14، کۆیە، مەولوود حوسێن مەولوود، ناسراو بە مەولوود ژاکاو، ساڵی 1939 لە گوندی ئەشکەوت سەقا لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە خوێندووە، ساڵی 1964 خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە، دواتر بووە بە مامۆستا، تا ساڵی 2006 خانەنشین بووە. ژاکاو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بنکەی گەلاوێژی کۆیەیە. دوو دیوانە شیعری بڵاوکردووەتەوە و کتێبێکی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، هاوکات لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بابەت و گوتاری بڵاوکردووەتەوە.
– ژاڵی، مودریک، چاوپێکەوتن، 2024/3/10، کۆیە. مودریک ئەنوەر محەممەدئەمین، نـاســـــراو بە مودریک ژاڵی، ســـــاڵی 1960 لە کۆیە لەدایکبووە، یەکێکە لە نووســەر و شــاعیر و ڕۆژنامەوانەکانی کۆیە، لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاوازدا بابەتی بڵاوکردووەتەوە، ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری کۆسار و جێگری سەرنووسەری گۆڤاری هاموون بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت.
– شەوڕۆ، فازیل، چاوپێکەوتن، 2024/3/13، ئیمەیڵ. شەوڕۆ، ساڵی 1951 لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.. ئەندامی یەکێتیی نووســـــــەرانی کوردە.لە بواری نووســین و توێژینەوە جێ دەســـتی دیارە، پتر لە دە کتێبی بڵاوکردووەتەوە، هاوکات لە گۆڤارەکانی گۆڤاری کولتووری کورد، گۆڤاری شـــارەوان، گۆڤاری کەکۆکن و گۆڤاری ژیان، وەک ســەرنووســەر و بەڕێوەبەری نووســین و ئەندامی نووســەران بەشــدار بووە و کاری کردووە. زانیارییەکانی لە دبلنەوە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە ناردووە.

**چوارەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

**أ– گۆڤارەکان:**

– ئەحمەد، وریا، (2007): مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 120.
– ئەحمەد، وریا، (2007): مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 122.
– ئەحمەد، وریا، (2007): گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 129.

**ب– ڕۆژنامەکان:**

– ئەحمەد، زامدار، (2017): سێوە، دەنگێکی باڵا لە مێژووی هونەری کوردیدا، هەفتەنامەی وشە، 22ی تشرینی دووەم، ژمارە 211.

ك بطف بكقئ بغى لي ب ذ (1970– 1974)

ئولئذئح ذز ك
قسم التأريخ، فاكلتى التربية، جامعة كويه، مدينة
كويسنجق، اقليم كوردستان، العراق
zamdar.rasul@el.epu.edu.iq

ه س عكى ل خ
قسم التأريخ، فاكلتى التربية، جامعة كويه، مدينة
كويسنجق، اقليم كوردستان، العراق
hoshmand.ali@koyauniversity.org

ك ك

كان لاتفاقية 11 آذار 1970 المبرمة بين قيادة ثورة أيلول والحكومة العراقية ولمدة أربع سنوات الأثر الإيجابي على مدينة كويه من الناحية الثقافية والفنية والأدبية، وبشكل ما، حققت تقدماً ملحوظاً خلال هذه الفترة، في حين توقفت الأنشطة قبل ومع بداية ثورة سبتمبر.

أربع سنوات من السلام والاستقرار في كوردستان، أدى إلى تطور الحركة الثقافية والفنية في مدينة كويه، إذ تم تنفيذ الأنشطة المختلفة في مجالات الأدب والثقافة والأنشطة الفكرية والثقافية والمسرحية والفنية في المدينة. وأدت هذه الأنشطة إلى تأسيس جمعيات فنية وثقافية وفرق مسرحية وموسيقية، إذ شهدت فرقة باواجي الموسيقية في هذه الحقبة تطورا وتقدماً كبيرين، ونتيجة لذلك، ارتفع مستوى الفن والموسيقى الكوردية بشكل عام، والألحان والمقامات والباقات الخاصة بمدينة كويه والمناطق المحيطة بها بشكل خاص.

يهدف هذا البحث إلى إظهار دور الثقافة والفن في مدينة كويه خلال السنوات الأربع من السلام والاستقرار في كوردستان، ومن ناحية أخرى تسليط الضوء على تأثير هذه الأنشطة في مدينة كويه.

يعتمد البحث على منهج السرد التاريخي، فضلا عن تحليل الأنشطة الفنية والثقافية وتفسيرها في إطار هذه الحقبة التاريخية.

تهدف هذه الدراسة إلى الإجابة على الأسئلة التالية: هل لاتفاقية 11 آذار 1970 تأثير على التطور الفني والثقافي لمدينة كويه؟ كيف كان مستوى أنشطة مدينة كويه خلال تلك الحقبة؟ وفي أي حقل كانت تقام؟

يتكون البحث من مبحثين تسبقهما مقدمة بعنوان: الوضع الثقافي والفني في كويه قبل بيان 11 آذار 1970، وجاء المبحث الأول بعنوان: الحركة الفنية في كويه (1970–1974 )، أما المبحث الثاني فكان بعنوان: الحركة الثقافية في كويه (1970–1974).

ك د كف ح ب: كويه، الثقافة والفن، فرقة موسيقية، مسرح، المجتمع الأدبي.

**Artistic and Cultural Movement in Koysinjak (1970-1974)**

Zamdar Ahmed Rasool
History Department, Faculty of Education, Koya University, Koya City, Iraqi Kurdistan Region (KRG), Iraq.
**zamdar.rasul@el.epu.edu.iq**

Hoshmand Ali Mahmood
History Department, Faculty of Education, Koya University, Koya City, Iraqi Kurdistan Region (KRG), Iraq.
**hoshmand.ali@koyauniversity.org**

**Abstact:**
The agreement of March 11, 1970, between the leadership of the September Revolution and the Iraqi government, for a period of four years, had a positive impact in terms of cultural, artistic and literary movements on the city of Koysinjak, where the city witnessed during this period, remarkable progress, while these events before that time and since the beginning of the September revolution, were suspended.
Four years of peace and stability in Kurdistan led to the progress of the cultural and artistic movement in the city of Koysinjak, and various events were held in various fields, such as literary and cultural, enlightenment and educational movements, theaters and all type of arts. The presentation of these events led to the establishment of the Arts and Culture Association, musical and theater groups. It was during this period in particular that the Bawaji Musical Band in Koysinjaq revived significantly and more developed. Accordingly, the Kurdish artistic and musical level, in general, and the melodies and songs in the Koysinjaq region in particular elevated.
This research aims to highlight the cultural and artistic role in the city of Koysinjaq during this four-year period, in which peace and stability prevailed in Kurdistan. On the other hand, to show the impact of these events on the city of Koysinjak.
The research adopted the method of historical narration as well as the analysis of artistic and cultural events within this historical period.
The research attempts to answer the following questions: What is the impact of the agreement of March 11, 1970 on the progress of the artistic and cultural aspect of the city of Koysinjak? What is the scope of events that took place in Koysinjaq during this period and at what level? To what extent has the city's cultural history influenced these events?
The research consists of an introduction and two sections. The introduction is entitled: The artistic and cultural state of the city of Koysinjak before the proclamation of the agreement of March 11, 1970. The first section under the title of the artistic movement in Koysinjaq (1970-1974). The second section is entitled: The Cultural Movement in Koysinjaq (1970-1974).

**Keywords:** Koysinjak, Art and culture, Musical Bands, Theatre, Literary Society.